میراتگران بەهۆی پشت (العصبة) و خزمایەتیەوە وچەنـــد بابــەتێـکی تـرری گـرنـگ سـەبـارەت بـە میـرات

﴿الميراث بالتعصيب و القرابة مع بعض المسائل المهمة المتعلقة به﴾

[كردي – كوردی – kurdish]

عەبدولسەلام پشدەری

پێداچونەوەی :پشتیوان سابیر عەزیز

١٤٣١ - ٢٠١٠

islamhouse.com

﴿ الميراث بالتعصيب و القرابة مع بعض المسائل المهمة المتعلقة به ﴾

« باللغة الكردية »

عبد السلام بشدري

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

١٤٣١ - ٢٠١٠

islamhouse.com

میراتگران بەهۆی پشت (العصبة) و خزمایەتیەوە وچەنــد بابــەتێــکی تـرری گــرنــگ ســەبــارەت بـە میـرات

الحمد لله وكفى والصلاة والسلام على نبيه المصطفى

خۆشەویستان جارێکی تر هاتینەوە خزمەتتان بۆ باسکردنی بەشێکی تر لە کۆباسەکانی میرات و میراتگران بەئومێدی ئەوەی جێگای ڕەزامەندی خوای گەورە و پاشان ئێوەی بەڕێزیش بێت ، فەرموو ئێوە و بابەتەکە :

میراتگران بەهۆی پشتەوە (العصبة)

یەکەم : پێناسەکەی: لەزمانی عەرەبیدا (العصبة) : خزمی پیاوە لەسەری باوکیەوە، بۆیە ئەو ناوەی لێ نراوە چونکە دەوریان داوە وەك شتێك دەوری شتێك بدات ئەو ووشەی بۆ بەکاردەهێنن.

لەشەرعدا: ئەو کەسەیە هەموو میراتەکە دەبات ئەگەر بەتەنها بوو، یان ئەوەی مایەوە لەبەشدارە دیاریکراوەکان دەیبات ئەگەر تەنها نەبوو، وە هیچ نابات ئەگەر لەبەشدارە دیاریکراوەکان هیچ نەمایەوە.

دووەم: ڕەوایی میرات بردن بەهۆی پشتەوە: لەقورئان و سوننەتدا بەڵگە هەیە لەسەر ڕەوابوونی میرات بردن لەڕێگەی (العصبة) و پشتەوە، قورئان دەفەرمووێت: (يُوصِيكُمُ اللَّهُ فِي أَوْلَادِكُمْ لِلذَّكَرِ مِثْلُ حَظِّ الْأُنْثَيَيْنِ) { النساء: ١١}

واتە: خوای گەورە ئامۆژگاریتان دەکات دەربارەی ڕۆڵەکانتان بۆ نێرینەیەك بە ئەندازەی بەشی دوو مێینە میرات هەیە. وە دەفەرمووێت: **(** وَإِنْ كَانُوا إِخْوَةً رِجَالًا وَنِسَاءً فَلِلذَّكَرِ مِثْلُ حَظِّ الْأُنْثَيَيْنِ **)** { النساء: ١٧٦ } واتە: وە ئەگەر چەند براو خوشکێك بوون ئەوە براکان دوو ئەوەندەی خوشکەکانیان میرات هەیە ئەم دوو ئایەتە پیرۆزە ئاشکرایان کرد کە کوڕ و برا میرات دەبەن بەهۆی پشتەوە (العصبة) وە هەریەك لەبراو لەکوڕ خوشکی کردووە (العصبة) بەشی نێرینەکان دوو ئەوەندەی مێینەکان بووە لەم حاڵەتەدا.

وەلە سوننەتی پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) ئەمە روون کراوەتەوە، " عن ابن عَبَّاسٍ رضي الله عنهما عن النبي (صلى الله عليه وسلم) و زيد بن خالد الجهنى قال أَلْحِقُوا الْفَرَائِضَ بِأَهْلِهَا فما بقى فَهُوَ لِأَوْلَى رَجُلٍ ذَكَرٍ " { رواه البخاري (٦٣٥١) ومسلم (١٦١٥) } عەبدوڵڵای کوری عەبباس (رەزای خوای لێ بێ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) فەرمووی: بەشەکان بدەن بەخاوەن بەشەکان جا ئەوەی مایەوە بۆ نزیکترین میراتگری بنێرە.

سێیەم: بەشەکانی پشت (عصبه): عەصەبە دوو بەشە : عەصەبەی سەبەبی. و عەصەبە بەهۆی خزمایەتیەوە .

أ ـ عەصەبەی سەبەبی: مەبەست پێی ئازادکەری کۆیلەیە ئەگەر مردووەکە کاتی خۆی کۆیلە بووبێ و کەسێك ئازادی کردبێت جائازادکەرەکە پیاو بووبێت یان ئافرەت- ئەم بەشەیان بەوەندە کۆتایی دێنین چونکە لەئەمرۆدا نیە بەڵکو تەنها وەك باسێکی مێژوویی باسی لێوە دەکرێ.

ب ـ عەصەبە خزمایەتی (نسبی): هەموو ئەوکەسانەن لەباسی بەشدارە دیاریکراوەکانی پیاواندا باسمان کردن جگە لەمێردو برای دایکی ئەم دووانە بەشداری دیاریکراوی پیاوانن بەڵام عەصەبە نین کەواتە ئەم کەسانە دەگرێتەوە باوك و باپیر و کور و کوری کور، برای دایکی و باوکی و کوری برای باوکی و مامەی دایکی و باوکی، مامەی باوکی و ئامۆزای دایکی و باوکی، ئامۆزای باوکی ئەمانە هەموویان عەصەبەن هەموویان بەهۆی عەصەبە و پشتەوە میرات دەبەن باهەندێکیان بەبەشداری دیارکراویش بەش دەبەن.

ئاگاداری: عەصەبە ی پشکی سێ بەشە:

عەصەبەی سەربەخۆ و عەصەبە بەهۆی کەسێکی ترەوە و عەصەبە لەگەڵ کەسێکی تردا.

أ ـ عەصەبە ی سەربەخۆ: ئەو پیاوانەن میراتی دیاریکراویان هەیە جگەلە مێردو برای دایکی.

ب ـ عەصەبە بەهۆی کەسێکی ترەوە: ئەمانە کچ یا کچەکان وکچ یاکچانی کور، خوشك یا چەند خوشکێکی باوکی خوشکێکی یا چەند خوشکێکی دایك و باوکی، خوای گەورە دەفەرمووێت: (وَإِنْ كَانُوا إِخْوَةً رِجَالًا وَنِسَاءً فَلِلذَّكَرِ مِثْلُ حَظِّ الْأُنْثَيَيْنِ) {النساء: ١٧٦)} واتە: ئەگەر چەند خوشك و برایەك بوون ئەوە بۆ براکان دوو ئەوەندەی خوشکەکان میرات هەیە.

ج ـ عەصەبە لەگەڵ كەسێكی تردا: كە ئەمانەن خوشكێكی دایكی و باوكی یا چەند خوشكێكی دایكی و باوكی لەگەڵ كچدا یا كچی كوردا هەروەها خوشكێكی باوكی یا چەند خوشكێكی باوكی لەگەڵ كچدا یا كچی كوردا، بەبەڵگەی فەرموودەی " وما بقي فللأخت" { رواه البخاري (٦٧٣٦) } ئەوی مایەوە ئەوە بۆ خوشكە.

سێیەم میراتگران بەهۆی خزمایەتیەوە:

ئەو خزمانەن لەكاتی نەبوونی بەشداری بەش بۆ دیاریكراو و عەصەبە دابەش دەبن، خوای گەورە دەفەرمووێت: (وَأُولُو الْأَرْحَامِ بَعْضُهُمْ أَوْلَى بِبَعْضٍ فِي كِتَابِ اللَّهِ) {الأنفال: ٧٥} واتە: ئەوانەی خزمی یەكترن هەندێكیان لە پێشترن بۆ هەندێكیان لە قورئانی خوادا.

" عَنْ أَبِى أُمَامَةَ بْنِ سَهْلِ بْنِ حُنَيْفٍ قَالَ كَتَبَ عُمَرُ بْنُ الْخَطَّابِ إِلَى أَبِى عُبَيْدَةَ أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ -صلى الله عليه وسلم- قَالَ « اللَّهُ وَرَسُولُهُ مَوْلَى مَنْ لاَ مَوْلَى لَهُ وَالْخَالُ وَارِثُ مَنْ لاَ وَارِثَ لَهُ» " { رواه الترمذي (٢١٠٣) وابن ماجه (٢٧٣٧) } ئەبو ئومامەی كوری سەهلی كوری حونەیف دەڵێ: عومەری كوری خەطاب نامەیەكی بۆ ئەبو عوبەیدە نووسی كە پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی: خواو پێغەمبەر دۆست و پشتیوانی ئەو كەسەن دۆست و پشتیوانی نیە خاڵیش میراتگری خوشكەزای دەبێت ئەگەر میراتگری نەبوو.

" عَنْ عَائِشَةَ أَنَّ مَوْلًى للنبي -صلى الله عليه وسلم- وَقَعَ مِنْ عِذْقِ نَخْلَةٍ فَمَاتَ فَقَالَ النَّبِىُّ -صلى الله عليه وسلم- « انْظُرُوا هَلْ لَهُ مِنْ وَارِثٍ ». قَالُوا لاَ. قَالَ « فَادْفَعُوهُ إِلَى بَعْضِ أَهْلِ الْقَرْيَةِ » " { رواه أبو داود (٢٩٠٢) والترمذي (٢١٠٥) وابن ماجه (٢٧٣٣) وهو حديث صحيح } عائیشە (رەزای خوای لێ بێ) دەڵێ: كۆیلەیەكی ئازادكراوی پێغەمبەر لەپەلی دارخورمایەك كەوتە خوارەوە و مرد جا پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) فەرمووی: سەیربكەن ئایا میراتگری هەیە؟ ووتیان: نەخێر فەرمووی: میراتەكەی بدەن بەهەندێ لەخەڵكی گوندەكەیان.

١) ئەگەر بەشدارەكان زۆربوون عەول دەكرێت:

عەول: ئەوەیە بەشدارەكان زیاترین لە بەشەكان بەجۆرێ هەندێ لە خاوەن بەشەكان میراتی بەرناكەوێ، لەوكاتەدا ناچار دەبین بەشەكان زیادكەین تا هەموو خاوەن بەشەكان میراتیان بەركەوێت ئەمەش بەكەم كردنەوەی بەشەكان دەبێت بەڵام كەس بێ بەش نابێ لەوانەی مافی میرات بردنیان هەیە.

یەكەم رووداو كە عەولی تێداكرا لەسەردەمی عومەری كوری خەطاب دا (رەزای خوای لێ بێ) رووی دا ئەویش پرس و رای بە هاوەڵان كرد، زەیدی كوری سابیت

(ڕەزای خوای لێ بێ) پێشنیاری عەولی بۆ کرد عومەریش ووتی: عەول بکەن لەبەشەکاندا وهاوەڵانیش ئەم کارەی عومەریان پەسەندکرد ئیتر ئەمە بوویە کۆ دەنگی لەناو هاوەڵاندا لەسەر حوکمی عەول و کارپێکردنی.

بنچینەی مەسەلەکانی حەوتن :

سیانیان عەولی تێدادەکرێت، چواریان عەولی تێداناکریت.

ئەوانەی عەولی تێدادەکرێ ئەمانەن شەش و دوانزە و بیست و چوار، ئەوانەش عەولیان تێدا ناکرێ ئەمانەن: دوو و سێ و چوار و هەشت.

٢) منداڵی زیناو منداڵی نەفرین لێکراو: تەنها لەدایك و خزمانی دایك میرات دەبەن بەپێچەوانەشەوە، " عن سهل بن سعد الأنصاري في حديث الملاعنة ابنها يدعى إلى أمه ثم جرت السنة أنه يرثها وترث منه ما فرض الله لها " { رواه البخاري (٥٣٠٩) ومسلم (١٤٩٢/٢) } سەهلی کوری سەعد (ڕەزای خوای لێ بێ) لەفەردوودەی (ملاعنه) دا دەڵێ: کورەکە بەناوی دایکیەوە بانگ دەکرا پاشان سوننەت وای لێهات کەئەو کورە میراتی لەدایکی دەبات و دایکیشی میرات لەو دەبات ئەو بەشەی خوای گەورە بۆی دیاری کردووە.

٣) منداڵ دەنگی گریانی لێوەهات میرات دەبات: ئەگەر منداڵێك تازە لەدایك بوو دەنگی لێوەهات یاگریا ئەوە میرات دەبات چونکە ئەو دەنگ هاتنە نیشانەی زیندوویی و گیان تێدابوونە، " عن أبي هُرَيْرَةَ عن النبي (صلى الله عليه وسلم) قال إذا اسْتَهَلَّ الْمَوْلُودُ وُرِّثَ " { رواه ابو داود (٢٩٢٠) وهو حديث صحيح بشواهده } ئەبو هورەیرە (ڕەزای خوای لێ بێ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) فەرمووی: ئەگەر مندڵێ لەدایك بوو دەنگی لێوەهات ئەوە میرات دەبات.

خوای گەورە لە گوناهی هەموو لایەك خۆش بێت و تا بەیەك گەشتنەوە لە بابەتێکی تر لەسەر میرات بەخواتان دەسپێرم و خواتان لەگەڵ .